شەبەنگ

داهێنەر



مەحمود زامدار

* ئا ئەلێرەوە تەنگژەکە دەسپێدەکا، لەوانەیە تەنگژەکەش جۆرێ بێ لە جۆرەکانی خلاڤاندنی مێشک و هزرو تێڕامان، بەرلەوەی شیتەڵکردنی خودی کێشەکە خۆی بێ، چونکە (تەنگژە) تەلەزگەی ئاستەنگێکی وەختەکییە و دوای بەر هەرەڵلایی و والابوونی ئەندێشە و هزرو ناخ و نیهادەوە پەیدا دەبێ و لە پاشا دادەمرکێ و دوای ماوەیەک- درێژ یا کورت- سەرهەڵدەداتەوە کە ئەمەش یاسای ژیانەو مرۆڤی پێ بەندە..! واتە: گەر تەنگژە نەبێ کێشە دەوەستێ و بە پێچەوانەشەوە، هەر ئەمەشە وا لە (داهێنەر) دەکا هەمیشە هۆشمەندانە لە نێو نیگەرانی و مێشکە کزێ و دوو دڵیدا بژی و گلۆر نەبێتەوەو هەڵوەستەی وردی بەرامبەر بە کۆمەڵ و خودی خۆی هەبێ، خۆ گەر لەم جەرگەی نیگەرانی و ژانوژوورەدا، گەرماو گەرم نەبێ و داهێنانە بارگاوییە جوان و هەرە قورسەکەی خۆی هەڵنەڕژێ، ئەوا (تەنگژەکە) هەر بەردەوامەو لە ئەنجاما بۆڕی پێدەداو بارەکەی لەبەردەم کۆمەڵدا- توێژی رەخنەگرو رووناکبیران- سەنگەلا دەبێ و هەر ئەو تەنگژەیەش دەیخنکێنێ و قەوزە مێشکی دادەپۆشێ و بەرهەمەکەشی پڕ بە گرمژەو دومەڵ و خیزاو دەردەدا..!! بەڵام ئەوانەی بە ستایلی تایبەتی خۆیان بەرەنگاری تەنگژەکە دەبنەوەو وەک گەواڵەی هەورو وەک بروسکەش لەشریخە دەدەن، ئەوا بێ دڵ لە دڵدان، ئەوانە داهێنەری بەبن و بناوان و گۆڕانکاری باڵادەست و نوێخوازی هەمیشە زیندوون و لە ئەنجامیشا پێشەنگ و سەرکردەو نەمرن..!!

دەقی فانتازیک "خەیاڵ"

سمکۆ محەمەد

یەکێک لە گرنگترین و قورسترین دەقی هونەری فانتازیکە، ئەم هونەرە بۆ ئەوەیە کە خوێنەر پاڵەوانی چیرۆک بە واقیع تەماشا نەکات، یاخود گومان پەیدا بکات لەهەقیقەت، هەرەوەها یەکێک لە مەرجەکانی ئەم جۆرە دەقە ئەوەیە کە هێمای پرسیار لەلای خوێنەر دروست بکات، تۆدۆرۆڤ یەکێکە لەو بیرمەندانەی گرنگی زۆری بەم هونەرە داوە لەنێو دەقدا، چونکە ئەو وەکو هێرمۆنتیکەکان نییە، دەق بەخاوەنی واتا نازانێت، بەڵکو بەسەرچاوەی گومانی تێدەگات، بۆئەوەی خوێنەر هەست بکات شتێکی ئاشکرا کردووە کە رەنگە خۆی تێدا بدۆزێتەوە، بەتایبەت ئەو دیمەنە ئەفسوناویانەی کە هەندێجار خوێنەر خەونی پێوە دەبینێ، یان حەز دەکات ببێتە ئەو جۆرە پاڵەوانەی کە لەچیرۆکێکدا دەیخوێنێتەوە، سابا ئەو پاڵەوانە هەر جۆرە دەورێکی وەرگرتبێ، گرنگ ئەوەیە شتێکی فەنتازیکییە و سروشتی نییە، دەتوانین سادقی هیدایەتی بەسەر مەشقی ئەو جۆرە هونەرە بناسێنین، بەتایبەتی لە دەقی کوندەپەپوی کوێردا پیاوێک واتێگەیشتووە خەڵک خەریکی فریودانی ئەون، چونکە هەمان حەزو ئارەزووی ئەویان هەیە، یان ئەوەی کە رستگەلێکی پارادۆکسی تێدایە و خوێنەر تووشی دڵەڕاوکێ و گومان دەکات، ئەمە بەشێکی مەهامی دەقی فانتازیکە.

ئەدەبیاتی فانتازیک لەسەر بنەمای هەستیاری زمانییەوە پێکهاتووە، بەو مانایەی ئەوەی کە نەناسراوە و باو نییە، لە رێگەی نووسراوەوە بەدەست بێت و خوێنەر پێی ئاشنا بێت، نەک ئەوەی لەگەڵ هەمان ئەو شتانەدا ئاشنا ببێتەوە کە رۆژانە بەرخودیان دەبێتەوە و وەڕس بووە لێی، بەمانایەکی تر ئەدەبی فانتازیک رووداوەکان بۆ رووداوێکی زمانی دەگۆڕی، چونکە شتێک بەبێ رووداوە سەمەرەکان ناچێتە چوار چێوەی فانتازیاوە، ئەوەی کە کافکا لە دەقی " مەسخ" دا کردویەتی و پاڵەوانەکە لەخەو هەڵدەستێ و دەبێتە جانەوەر، ئەو رووداوە سەیرەیە کە خوێنەر ناچار بە تێڕامان دەکات، بۆیە ئەرکێک کە لەدەقی فانتازیکدا هەیە، بەپێی بۆچوونی تۆدۆرۆڤ، ئەوەیە کە خوێنەر ئەرکی کۆمەڵایەتی و ئەرکی دەقە، ئەوەی کە ئەرکی کۆمەڵایەتییە ئەوەیە کە رووداوەکان و پاڵەوانەکانیش سروشتی و ئاسایی نین، ئەمەش جۆرە سانسۆرێکی ویژدانییە و کولتوور سەپاندوویەتی، بەڵام ئەوەی کە پەیوەندی بەخودی دەقەوە هەیە و کەمێک دوورمان دەخاتەوە لە پرسە کۆمەڵایەتییەکان، ئەوەیە کە دەق لەدۆخێکی واقیعییەوە دەگوازێتەوە بۆ دۆخێکی ناواقیعی، یاخود ئەو سنوورانەی کە یاسا ناتوانێ بیانشکێنێ، دەقی فانتازیک زۆر بەئاسانی تێکیان دەشکێنی کە ئەمە بابەتێکی دەروونناسییە.

ئەدەبیاتی فانتازیک هەوڵێکی ترە بۆ ناساندنی ژانرێکی تری ئەدەبی بەخوێنەر، هەم لەبارەی کێشە کۆمەڵایەتییەکانەوە کە مرۆڤ ناچار دەکات ببێتە هەمان ئەو کەسایەتییە، هەم دووچاری مەترسی دەکاتەوە، هەم لەبارەی هونەری دەقیشەوە، وەک جۆرێک لەدابڕان ناوەز دەکرێ، چونکە گۆڕانکاری لەفۆرم و پێکهاتەکانیدا رووددەن.

لە هەولێر.. لەیادی دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی کورد.. ڕێز لە (٢٥) نووسەر گیرا

ڕاپۆرت: سەباح شێخانی- شوان سەرابی

وەک نەریتێکی ساڵانە، کە لەساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر یەکێتی نووسەرانی کورد، کە میدالیاو خەڵاتی ڕێزلێنان بە بەڕۆکی کۆمەڵێک نووسەرەوە دەکات بەهەمان شێوە ئەمساڵیش کاتژمێر (١٠)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی (٢٠١٠/٢/١٠)، لە هۆڵی پێشەوای سەر بەروەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان ڕێزی لە (٢٥) نووسەری دیکە گرت.

لەمەراسیمی ڕێزلێنانەکەدا، کە بەڕێزان کاوە مەحمود وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان، سەفین دزەیی وەزیری پەروەردە و نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێرو زیرەک کەمال نوێنەری سەرۆکی حکوومەتی هەرێم و ڕەشید فندی نوێنەری ئەکادیمیای کوردستان و سەرۆ قادر بەرپرسی مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و نوێنەرانی دەزگا کلتووری و ڕۆشنبیرییەکانی هەولێر و دەردەوەو ئەدیب و نووسەرو ڕۆشنبیرێکی زۆر ئامادەبوون، سەرەتا بە چرکەیەک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی وشە و قەڵەم دەست بە مەراسیمی ڕێزلێنانەکە کرا، ئەوجا سەعدوڵلا پەرۆش وتاری لقی هەولێر یەکێتی نووسەرانی کوردی خوێندەوەو تیایدا بەخێرهاتنێکی گەرمی ئامادەبووانی کردو گوتی: (ئەمڕۆ ڕۆژێکی گرنگ و هەمیشە زیندووە لە مێژووی نووسەرانی گەلەکەمان، چونکە (٤٠) ساڵ لەمەوبەر و لەڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا، یەکێتی نووسەرانی کورد هاتە دامەزراندن).

سەرۆکی لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانی کورد لەقسەکانی بەردەوام دەبێت و دەڵێت: (ئێمە وەک لقی هەولێر، کەلقێکی کارای یەکێتی نووسەرانین ساڵانە لە ڕێوڕەسمێکی شایستەو شکۆداردا یادی ئەم ڕۆژە پڕ بایەخە دەکەینەوە و وێڕای دەیان چالاکی جۆراو جۆری ئەدەبی و هونەری و ڕۆشنبیری ماوەی پێنج ساڵە وەک نەریتێکی شایستە، ساڵانە بەم بۆنە پیرۆزەوە میدالی ڕێزلێنان بەگەردنی کۆمەڵێک لە ئەندامانمانەوە دەکەین. بێگومان بۆ ئەم خەڵات و ڕێزلێنانەش تەمەن و ئەزموون و چالاکی ڕێکخراوەیی لەبەرچاو گیراوە نەک ئاستەکانی داهێنان، کە ڕەنگە ئەوەیشیان لەساڵانی داهاتوودا بخرێتە بەرنامەی کارکردنەوە.

ئەوجا بەڕێز نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر وتەیەکی پێشکەشکردو ئەم نەریتەی لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانی کوردی بەرزنرخاند، کە ساڵانە ڕێز لە چەندین نووسەران دەگرێت و گوتی: ڕێزلێنانی لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانی کورد جێگەی ڕێز و پێزانینە. پارێزگاری هەولێر لەقسەکانی بەردەوام دەبێت و دەڵێت: مایەی خۆشحاڵییە، کە دەبینین لەو گۆڕانکارییەی، کەبەسەر خەڵکی کوردستان و ئەزموونی کوردستاندا هاتووە جێی پەنجەی نووسەر و ئەدیب و ڕۆشنبیرانە و خاوەن قەڵەمەکانی کوردستانیان لەهەموو قۆناغەکاندا پێوە دیاربووەو وایان کردووە لەجیهان دانەبڕێین و لەگەڵیدا ڕێ بکەین، بۆیە دەستخۆشی لەیەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر دەکەین و هیوادرین بەردەوام بن لەخزمەتکردنی نووسەران و مەراسیمی ڕێزلێنانی نووسەران، کە ساڵانە وەک نەریتێکی شایستە بەڕێوەدەچێت و کۆمەڵێک نووسەر ڕێزی لێ دەگیرێت و خەڵات دەکرێت.

دواتر بەڕێز زیرەک کەمال بەنوێنەرایەتی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان وتارێکی پێشکەشکردو پاش پیرۆزبایی کردن لە ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی کورد لە نووسەرانی کورد و گوتی: (دیارە لەو بۆنەیەدا و لەساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی کورد ئەمڕۆ لێرەدا ڕێز لە ژمارەیەک نووسەر دەنرێت، ئەمەش مایەو شایانی دەستخۆشییە. بۆیە هیوادارین ئەم ڕێزلێنانە هانی هەموو لایەک بدات بۆ زیاتر داهێنان) پاشان کاوە مەحمود وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان وتەیەکی پێشکەشکردو وێڕای بەرزنرخاندنی ڕۆڵی نووسەران وەک فاکتەرێکی گرنگ لە ژیانی هاوچەرخدا و گوتیشی: دەکرێت لەپێوەری هاندانی داهێنانەوە ڕۆڵی ئێستای نووسەران کاریگەرتر بێت و دەبێت بڕواشمان بەوە هەبێت، کە چالاکی و ڕۆشنبیری و داهێنان زۆر لەوە فراوانترە، کە لە چوارچێوەی کاری وەزارەتێ، یان ڕێکخراوەیی و سەندیکایی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

ئەوجا مەراسیمی پێشکەشکردنی خەڵاتی ڕێزلێنان بەسەر ئەندامانی لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانی کورد دەستی پێکرد بەم شێوەی خوارەوە: خەڵاتی ڕێزلێنانی مامۆستا سەید مەولود بێخاڵی، بیلال عەزیز، عەبدولغەنی عەلی یەحیا، محەمەد حەسەن مەنگوڕی لەلایەن وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان پێشکەشکرا.

* خەڵاتی ڕێزلێنانی بەڕێزان عەزیز ڕەشید حەریری، سەدرەدین خۆشناو، کەمال مەعروف، عوبێد ساڵح لەلایەن بەڕێز سەفین دزەیی وزەیری پەروەردە پێشکەشکرا.

* خەڵاتی ڕێزلێنانی بەڕێزان عەلی بەختەوەر، محەمەد خدر مەولود، فوئاد سدیق، غیاثودین نەقشبەندی لەلایەن بەڕێز زیرەک کەمال نوێنەری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی پێشکەشکرا.

* خەڵاتی ڕێزلێنانی بەڕێزان بۆتان جەلال، کازم کۆیی، خالید کۆچەر، ئارام ساڵح لەلایەن ڕەشید فندی پێشکەشکرا

* خەڵاتی ڕێزلێنانی بەڕێزان نازم دڵبەند، قاسم شێروانی، ڕۆستەم باجەلان، فەریدون سامان لەلایەن بەڕێز نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر پێشکەشکرا.

* هەروەها خەڵاتی ڕێزلێنانی زرار سەرتاش، خالید عوسمان، محەمەد باوەکر، سەباح ڕەنجدەر لەلایەن بەڕێز سەعدوڵلا پەرۆش سەرۆکی لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانی کورد پێشکەشکرا. شیاوی ئاماژە بۆ کردنە مەراسیمی ڕێزلێنانی نووسەران لەلایەن بەڕێز مامۆستا و شاعیر ئیسماعیل بەرزنجی بەڕێوەبراو نزیکەی کاتژمێرێکی خایاند.

عەبدولڕەحمان فەرهادی سکرتێری کارگێڕی یەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر گوتی: ئێمە لە لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانی کورد بە شانازییەوە ساڵانە ئەم یادە بە شکۆمەندی دەکەینەوە، ئەمساڵیش کە ڕۆژی ٢٠١٠/٢/١٠ بە (ڕۆژی نووسەری کورد) ناودێر دەکرێ و لەو ڕۆژەدا تەمەنی یەکێتی نووسەرانی کورد دەگاتە چل ساڵ و پێدەنێتە چل و یەکەمین، بۆ ئەمساڵیش وەک ساڵانی پێشوومان کە ماوەی پێنج ساڵە لەلایەن ئەم دەستەیەی ئێمە ڕێز لە پۆلێک لە ئەندامانمان دەنێین کە ڕۆڵیان لە خزمەتی ئەدەب و کولتووری کوردی و کاری ڕێکخراوەیی یەکێتییەکەماندا هەیە، ڕێزلێنانەکەش بریتییە لە بڕوانامەیەکی ڕێزلێنان لەگەڵ بڕی پاداشتێکی ٥٠٠ دۆلاری و ئەمساڵیش ٢٥ ئەندام ڕێزیان لێدەنرێ و بەمساڵەوە ژمارەی ئەو بەڕێزانەی کە ئەم ڕێزلێنانەیان بەرکەوتووە دەکاتە ٧٣ ئەندام و هەروەها ڕێزلێنان لە بنەماڵەی ١٠ شەهیدی لقەکەمان نراوە، کە خوێنی خۆیان لە پێناو خەباتی ڕەوای گەلەکەمان بەخشی. لە ڕاستیدا لە کوردستان ئێمە تاکە لقێکین کە ئەم یادە وا بەو شێوە مەزنییە دەکەینەوە کە ئەم ژمارەیەش لە ئەندامانمان ڕێزیان لێبنرێ، دیارە ئێمە ساڵانە پێشوەختە بە چەند مانگێک خەریکی بەرنامەدانان دەبین بۆ ئەم کارەمان و پێداویستی تەواوی بۆ دابین دەکەین، کاری یەکێتی نووسەران بریتییە لە خزمەگوزاری و پێشکەشکردنی چالاکی و بەجێهێنانی داخوازی ئەندامان و نووسەرانی کورد.

بۆتان جەلالی شاعیرو نووسەر

ڕێزلێنان لە نووسەرو ڕووناکبیران، بەرزراگرتنە لەو هەموو ساڵانەی کە نووسەرەکە لە تەمەنی خۆی کوشتووە خستویەتی سەر تەمەنی خەڵکانی دیکە، لەو خۆسووتاندنی ڕۆحەیە کە بۆ ئەوەی چاو و دڵی خوێنەر ڕووناکبکەیتەوە، ڕێزلێنان واتە قەدرگرتن لەو هەموو دژواری و شەونخونییەی نووسەر لە ژیانیدا دەیچێژێ لە پێناو گەیاندنی پەیامێک کە خۆشەویستی و سۆزو مرۆڤایەتییە بە کۆمەڵگاکەی و کۆمەڵگاکانی دیکەش..

زۆر بەختەوەرم کە ئەمساڵ یەکێتی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر لە ساڵیادی (٤٠)ەمین دامەزراندنیدا ڕێزیان لێنام و

بەسەریان کردمەوە، ئەگەر خەڵاتەکە رەمزی بوو، وەلێ ماناو دەلالەتی زۆری هەیە، تا ئەبەد ئەو رۆژە لە یاد ناکەم کە یەکێتی نووسەرانی کورد بۆ یەکەمینجار لە ژیانی ئەدەبیمدا رێزیان لێنام و گەورەیان کردم، ئەو رووداوە مێژوویە بۆ منی شاعیرو نووسەر رۆژێکی پرشنگدارە لە تەمەنم و هەستدەکەم ئەوەی لە ماوەی ٣٠ ساڵەی ژیانی نووسەرایەتیم پێشکەشم کردوون بە هەدەر نەڕۆیشتووە، دیارە جێگایەکی لە نێو دڵ و ویژدانی میللەتەکەم کردۆتەوە، بۆیە بەرامبەر بەو داهێنانەم ئەمڕۆ رێزم لێدەنێن و میدالیای شەرەف دەخەنە ملم.

لە دڵەوە سوپاسی سەرۆک و ئەندامە بەڕێزەکانی لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانی کورد دەکەم، هەروەها هەموو ئەو بەڕێزانەی لە ئاهەنگی مەڕاسیمی خەڵاتەکان ئامادەبوون و زەحمەتیان کێشا، ئەم رێزلێنانە بۆ ئێمە بووە پاڵنەرێک کە زیاتر خزمەت بە بزاڤی رۆشنبیری کوردیمان بکەین و زیاتر خۆمان ماندوو بکەین تا بە بەرهەمی بەپێز چاو و دڵی خوێنەری کورد روناکتر بکەینەوە.

پەیڤێک لە یادی رۆژی نووسەراندا

عەلی بەختەوەر دەربارەی ئەم یادە دەڵێت:

وشەی یاد شیرینی و تاڵی لەخۆ دەگرێ، یادکردنەوەی هەر بۆنەیەک بۆ مرۆڤ جێگەی رامان و بەخۆداچوونەوەی هەڵوەستە لەسەرکردنە، یادەکان بەگشتی بۆ ئەو مەبەستەی کە بتوانێ وەک پێویست مافی خۆی بدرێتێ و بەرز بنرخێنرێ مەرجە ئەوەی کە لە دڵەوەی ئاواتی بۆ دەخوازین و بانگەشەی بۆ دەکەین لە داهاتوودا بەگوڕترو شیرینترو راستگۆیانەترو واقیعیانەتر ئامانجەکان بپێکێ لالە زارێکمان بۆ بخولقێنێ.

لە رۆژی نووسەراندا پۆلێک لە نووسەرو قەڵەم بە دەستی گەلەکەمان خەڵاتکران، ئەو رێوڕەسمەش ساڵانە وەک نەریتێک لەلایەن یەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر، بە شانازییەوە، ئەنجامدەدرێ، ئەوەی گرنگە وشەی رێزلێنانە، رێزگرتنە لە شەونخوونی و تلانەوەو ئازارو ئەوەندە ساڵەی خۆ خەریککردنی نووسەرە لەگەڵ خوێندنەوەو نووسین، مرۆڤی نووسەر بەقەد کێوێک خەمی داهێنانی لە هزردایە ئاسمانێک هەمیشە بارانی بەتاوی بۆ کێڵگە تینووەکان لە خوڕەدایە، چونکە دەزانێ ئەوەی گەل و نیشتمان و ئایندەی وڵات، ئاسوودە دەکات و رۆڵی هەیە لە شۆڕش و وەرچەرخان و گۆڕین و دەوڵەمەندکردنی کولتوورو فەرهەنگ پەیقی راستەقینەیە، پەیڤێک ئایندەی دواڕۆژی گەلەکەمانی پێوە بەندە، ئەوەی راستی بێ نووسین و کتێب تریفەی زێڕینی هەتاوی سەرفرازی و شارستانییەتە.

ئەوەی لە رۆژی ٢٠١٠/٢/١٠ لە هۆڵی پێشەوا بینیم رێزگرتن بوو لە قەڵەم و هزرو ماندووبوونی تێکڕای نووسەرانی کوردە رێزلێنانە لە هەموو ئەو نووسەرانەی تیشکی نووسینەکانیان دڵە تاریکەکان و بیرە تاریکەکان و کونە تاریکەکان بە لێزمەی تیشکی ئاڵتوونی راودەنێ و ئەو خەونەی داگیرکەران و ناحەزانی گەلی کوردە دەنێتە چاڵ.

رێزی وشە مانای ئەوپەڕی شادیمانە کە هەوڵ و ماندووبوون داگیرسانی سەر لە نوێی ئەو عیشقەیە کە لە پێناویدا تەمەنێکمان بۆی تەرخان کردووە، ئەوەی بینیمان چالاکی ساڵانەی لقێکە بەردەوام لە خزمەتی ئەندامانی درێغی نەکردووە، وشە لە جیهانی ئەمڕۆدا ئەتۆمێکە ئەتۆمێکی بنیادنەرو رۆشنگەر نەک وێرانکەر.

سڵاو لە یادی ئەو رۆژە پیرۆزە، سڵاو لە قەڵەمی رۆشنگەر.

بۆتان جەلال

عەلی بەختەوەر

ئەحمەد کەمال

خەو

پێش هاتنت پەنجەی
شیعرەکانم لە خەودا بوون
تۆ هاتی لە گەرمەی خەوداران
چەکاندن
پێش هاتنت دڵی سوتا
دڵێکی مردوو
هیواو حەسرەتی مەرگی لە
کۆڵی خۆی هەڵگرتبوو
پێش هاتنت من وام هەست
ئەکرد لە کاروانی
ئەوینا جێماوم ئەگەر تۆ هاتی
میلی کامەرانیم
هێدی هێدی چرکەکەی
بەرێکرد وەک
ئەوەی بڵێی لەسەر تۆ
راوەستابم ئێستا
وا هەست ئەکەم دنیام بەرەو
گەشی ئەچێ ئای
کە خۆشە لێوەکانت بجوڵێ
وشەیەک گوێی بیستبم
کە بڵێ تۆم خۆشدەوێ

سێ دیالۆگی فەلسەفی

رۆڵ و کاریگەری زانست لەسەر فەلسەفەدا

خوێندنەوەی محمد وەسمان

د. ســادق جــەلال عــەزم ســەبارەت بە رەهەندەکانی کاریگەری زانست لە مێژووی فــەلســەفــەدا دەڵێت: رۆڵی زانست یەکلاییکەرەوە بوو لە بەرە بەرە هاتنەکایەی جــۆرێکی تازە لە فــەلســەفــەدا ئەویش فــەلســەفــەی نوێیــە، دەق وەک چۆن رۆڵ و کاریگەریی یەکلاکەرەوەی هەبوو لە داهێنانی جۆرێکی نوێ لە زانین سەبارەت بە سروشت و دیاردەو مادەو یاساکانی جووڵەی.

بۆ ئەوەی بتوانین مێژوویبانە لە مێژووی فــەلســەفــەی نوێ بگەین و لە رێنوێنی دیارەکانی و فێرگە گەورەکانی بگەین، پێویستە بەگیروگرفتە سەرەکییەکان و پرسیارە گرنگەکانی و پێداویستییە هزرییە ژیوەرییەکانی بچینەوە کە بوونەتە هۆی پەرەدان و نەشونماکردنی فەلسەفەی نوێ لە رێگەی وەڵامدانەوەیان و گرِان بۆ دۆزینەوەی چارەیان.

سەرەڕای ئەوەیش زۆربەی گیروگرفتەکان و پێداویستییە ژیوەرییەکان لە زانست و پێشکەوتنی هەڵقوڵاون و لەو گۆڕانکارییە زانینەکییەو نازانینەکییەی سەپاندوویە سەر مرۆڤی ئەوروپی.

بۆ نموونە چەندان گوتەو بۆچوونی نوێ لە وتاری فەلسەفەی نوێدا دەبینین وەک: شوێن، کات، جەستە، ئەتۆم، جووڵە، یاساکانی سروشت.. هتد. ئەم گوتەو بۆچوونانە لە زانستی نوێ وەرگیراون. ئەوەتا ماتریالیستی میکانیکی (لەشێوە دیکارتی و ئەتۆمییەکەی کە لە سەردەمی راپەڕینی ئەورۆپی نەشونمای کرد). لەسەر دەستی گالیلیۆ لە دایکبوو.

کە لە دەرەوەی، پەرێزی فەلسەفەی کۆن گەشەی سەندو هێزو بەردەوامی لە میکانیک وەردەگرن. ئەوەیش بووە هۆی جیاکردنەوەی هەڵوێست و فەلسەفەو گۆشە نیگاکان لە بواری فەلسەفەدا، بەهەمان شێوە لە هزری دیانەییدا (تیۆریدا) لە سیاسەت و کۆمەڵایەتی و ئاکاردا، کە تیایدا مەسەلەی یەکلاکەرەوەی ئەم بوارانەی هێنایە پێشەوە کە پرسیار بوو لە چییێتی دەسەڵاتی سیاسی؟ لە بواری فەلسەفەدا دەتوانین سێ پێلی سەرەکی جیاکەینەوە:

یەکەم: فەلسەفەی کۆنە پارێز، کە بەرگری لە کەلەپووری فەلسەفی ئایدیالیستی و گیانیی چاخەکانی ناوەند دەکردو تۆمەت و پەلارو رەخنەی لە میکانیزمی میکانیکی دەگرت هەر لە خوانەناسی و گێرە شێوێنی لە جیهاندا کارخنەکانی دیکە، واتە راستگەرانی فەلسەفی، ئەم پێلە بەهێزو کاریگەربوو- هەرچەندە بەرە بەرە لاواز دەبوو و پاشەکشەی دەکرد- لە پێکهێنانی رۆشنبیری ئەوروپی باوو کۆنترۆڵی زانکۆکان و فێرگەکانی کردبوو تا دوا چارەکی سەدەی هەژدەم.

لەبەرئەم هۆیە هەموو فەیلەسووفە ناودارەکان لە دەرەوەی زانکۆکانی ئەوروپی سەریانهەڵدا. ئەوەتا لەبەرئەم هۆیە دیڤید هیوم نەیتوانی ببێتە مامۆستای زانکۆ و وانەی لۆجیک لە زانکۆی گلاسکۆ بڵێتەوە. زانکۆکان قەڵای پاراستنی هزری چاخەکانی

ناوەند و فەلسەفەکەی بوون. (یەکەم کەسێک نەریتی کۆکردنەوەی زانیاری مامۆستای زانکۆ و فەیلەسووفی هەبوو(کنت) بوو).

لاپەڕەکانی ٤٢-٤٦ لە (سێ دیالۆگی فەلسەفی) د. سادق جەلال عەزم.

رێوڕەسمی راگەیاندنی ئینسکلۆپیدیای هەولێر (ئەربیل) ٢٠١٠/٢/٦-هوتێلی شیراتۆن-هەولێر

ئینسکلۆپیدیاییەک پڕ بەباڵای هەولێر

ئا: شێروان مەنتک

ئیسنکلۆپیدیای هەولێر نزیکەی پێنج ساڵ کاری تێیداکراوە بەئامادەکردن و نووسینەوە و لەچاپدانی، لە ئاستی کوردستاندا بێ هاوتایە، کە تێدا کلتوورو فەرهەنگ و زانیاری گشتی و تایبەت لەسەر کەسایەتییە ناودارەکان و شوێنەوارو ئەدەب و هونەرو باری شارستانی و مێژوو و جوگرافیای شاری هەولێر لە خۆدەگرێت ولەسەر ئەرکی بەڕێز کۆسرەت رەسول عەلی چاپکراوە. بەڕێز کۆسرەت رەسول عەلی لە ٦ی شووباتی ٢٠١٠ لە هوتێلی شیراتۆنی هەولێر بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە روناکبیران وبەرپرسانی حیزبەکان و بنەماڵە هەولێرییەکان پەردەی لەسەر یەکەم چاپی ئینسکلۆپیدیای هەولێر (اربیل) لاداو بەڕوداوێکی مێژوویی گرنگی دایە قەڵەم، ئینسکلۆپیدیای هەولێر لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخانە ساڵی ٢٠٠٩.

دەربارەی لە ئەستۆگرتنی ئەرکی ئامادەکردن و لەچاپدانی ئینسکلوپیدیای هەولێر (ئەربیل) لیژنەی باڵای ئامادەکاری ئیسنکلۆپیدیای هەولێر لە بەیاننامەیەکدا کە بەبۆنەی چاپکردنی ئەم بەرهەمەوە دەریان کردوە دەڵێن" ئەم پێشنیارە خرایە بەردەم بەڕێز کاک کۆسرەت رەسول عەلی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدات، خۆشبەختانە بەڕێزیان زۆر بەدەست و دڵکراوەیی هەموو خەرجی ئینسکلۆپیدیای هەولێری گرتەئەستۆی خۆی، ئەم بڕیارەش لە راستیدا گیانی وەبەرکارەکەمان هێناو لە خەمی بێ پارەیی بێ خەمی کردین و بەگەرمی دەستمان بەکارکردەوە".

د. عەبدوڵڵا محەمەد عەلی سەرۆکی لیژنەی باڵای ئامادەکاری ئینسکلوپیدیا سەبارەت بە بیرۆکەی ئینسکلۆپیدیای هەولێر گوتی:

بیرۆکەکە هی من بوو لەو رۆژی ئەمن چوومە بەشی مێژوو لە زانکۆی موسڵ، لەساڵی ١٩٧٦ هەستی مێژوویم هەبوو کە شتێک بۆ کورد بکەم یاخود شتێک بکەم ناویشم هەمان کات بمێنێت، ئەو بیرۆکە هەر لەمێشکم داماوە هەتا راپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١ زیاتر ئەو بیرۆکە تەشەنەی کرد، بەڵام لەسەر بابەتێک یەک لایەنە بوومەوە، بەڵام لەپاش راپەڕینەکە بیرۆکەی (مەوسوعەی کوردستان)م کردەوە یاخود ئینسکلۆپیدیایی کوردستان نەک هەولێر بەزۆر کەسم گوت ئەوانیش دەیانگوت پارەیەکی زۆری دەوێت ماندووبوونێکی زۆری دەوێت ئەوە بەتۆ جێبەجێنابێت بەراستیش وابوو، بەڵام پاش ئەوەی من بووم بەمامۆستا لە زانکۆ هەروەها مێژوو کوردی هاوچەرخەم دەگوتەوە لە زانکۆکانی هەولێر و سلێمانی و کۆیە، بیرۆکە، کەم جێگربوو لەسەر ئینسکلۆپیدیای هەولێر بەو پێیەی کە ئاسنتر و پەیوەندیشم بەهێز لەگەڵ مامۆستاکانی بەشی مێژوو دو جوگرافیەو بەشی شوێنەوارناسی، ئەوەبوو رۆژێک لەسلێمانی بووین من و حەمید بەدرخان بە دووان دانیشتین، حەمید بەدرخان بە منی گوت تۆ شتێک ناکەی یارمەتی من نادەی، منیش گوتم حەمید من بیرۆکەیەکم لەمێشکدا هەیە نازانم چوون پێش نیازیی بکەم چی بکەم چی نەکەم گوتی چی بیرۆکەکە، منیش گوتم ئینسکلۆپیدیای هەولێرە چونکە (مەوسوعەی موسڵ) مامۆستاکانی زانکۆ دایانناوە لەپێنج بەرگ پێک هاتووە، موسڵ ئەو مێژووە دووردرێژە لەپێنج بەرگ پێک بێت، ئێمەش لەوانەیە هەر لەچوار بەرگ پێک بێت یەکسەر گوتی من رازیم من گوت دەبێت بیری لێ بکرێتەوە، پاش ئەوەی گەڕاینەوە هەولێر شەوێک من و حەمید بەیەکەوە داشتین، بیروبۆچوونەکانمان دووبارە کردەوە، لێژنەیەکمان پێکهێنا.

هەروەها پەیوەندیم کرد بە مامۆستایانی زانکۆی بەغدا لەبەر ئەوەی خۆم ئەندامی پەرلەمانم لە بەغدا، هەروەها پەیوەندیم کرد بە زانکۆی موسڵ، هەروەها زانکۆی هەولێرو دهۆک و سلێمانی و کۆیەو کەرکووک، ئیتر لێکۆڵینەوەمان بۆ هات لێرەش رامان گەیاند لە رۆژنامەکان خەڵکی هەولێریش بەهانامان هات زۆربەی رۆشنبیرەکان بابەتەکانیان نارد نزیکەی ساڵێک کارمان کرد من وای بۆ دەچووم تەنها سێ چوار بەرگ بێت، بەڵام کە ساڵێک کارمان کرد ئەو پارەیە هی من و حەمید بەدرخان بوو، لێکۆڵەرەوەکان پاداشتی خۆیان وەرگرتووە تەنها هەندێک نەبێت گوتیان بۆ هەولێر ئێمە پارە وەرناگرین.

تووشی گرفتی مادی بووین ئەو بابەتانەی لەبەر دەستمان بوو زیاتر لە چوار بەرگ بوو، ئیتر لێرە داوام لە زۆر بەرپرس کرد لە زۆر کەس کرد، بەڵام بێ چارەبوو، دواجار بەڕێز(کۆسرەت رەسول عەلی) گوتی من پارەکە دەدەم، دیسان دەستمان کرد بە کارکردن خەڵکیش زیاتر شتی بۆ دەهێنانین تا وایلێهات بابەتی ئینگلیزیمان وەردەگێرا بە پارە هەروەها باسی عەرەبیمان وەردەگیرا بە پارە. هەتا تەواوبوو(٦) دەفتەر دۆلاری ئەمریکی تێچوو ماوە چۆن چاپی بکەین لە هەولێر یان لە سلێمانی یان لوبنان بیر ئەوشمان کردەوە بچین لە(چین) چاپی بکەین بەڕێز کاک(کۆسرەت) گوتی لە لوبنان چاپی بکەن باشترە، ئەوەبوو لە بەیروت بە (١٨٥٠٠٠) دۆلاری ئەمریکی چاپمان کردو بەتیراژی (٢٥٠٠) دانە.

*** لەلایەنی دارایی کێ پشتگیریکرد؟**

- بەڕێز(کۆسرەت رەسول عەلی) هەموو پارەکە ئەو دای، ئەو پارەیەی(من و حەمید بەدرخان)یش کە بۆ ماوەی یەک ساڵ سەرفمان کرد بەڕێزی بۆی گەڕاندینەوە، کۆی پارەکەش هەمووی(٢٦) دەفتەر دۆلاری ئەمریکییە. زۆر سوپاسی دەکەم، چونکە کارێکی وایکرد کە خزمەت بە شاری هەولێر بکات.

*** بەڕێزتان ئامادەن جارێکی دیکە کارێکی لەم شێوەیە بکەن؟**

- بەڵێ ئامادەم من ئێستا بیرۆکەی ئەوەم لە مێشکدایە هەولێشمان داوە کە خانەی ئینسکلۆبیدیای کوردی دانێنین، هەروەها شارەزاییەکی باشمان پەیداکرد ئەو هەڵانەی کردوومان یان ئەو شتانەی بەسەرمان تێپەڕبووە لە ئینسکلوپیدیای هەولێر.

لەوەڵامی ئەوپرسیارەی بڕچی شاری هەولێرتان هەڵبژارد؟ دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن مامۆستا لە بەشی زمانی کوردی کۆلیژی زمان لە زانکۆی سەلاحەدین کە بەڕێوەبەری گشتی ئینسکلوپیدیای هەولێرەو هەموو بابەتەکانی خوێندۆتەوەو کاری سەرنووسەری ئەنجامداوەو گوتی: لە سەرەتا بیروکەکە هی بەڕێز دکتۆر عەبدوڵڵا عەلیاوەیی و حەمید بەدرخان بوو وتیان شتێک بۆ هەولێر بکەین ئەوەبوو دواجار رێککەوتین لەسەر ئەوە کە با ئینسکلۆپیدیایەک بێت، وەک پێویست پلانمان بۆ دانەنا بوو، بەڵام کەدواتر کارمان تێداکرد زیاتر پەرەی سەند، لەبەرئەوەش هەولێرمان هەڵبژارد، یەکەم شاری مێژوییە کە تائێستاش ژیانی تێدایە لەسەر ئاستی جیهانی ناسراوە و پایتەختی هەرێمی کوردستان شارێکە لەسەر ئاستی سیاسی و ئابووری و زۆر ئاستی دیکە ناسراوەو رۆژانە ناوی دێت هەر ئێستا خۆمان دەبینین چەند قونسولیەیی وولاتانی تێدایە، رۆژانە چەندین (وەفد) دێت و دەچن بەو مانایە هەولێر شارێکی زیندووی جیهانە ئێمەش حەزمانکرد خزمەتێک بەو شارە بکەین ئەو ئینسکلۆپیدیاییە کە بەناوی هەولێر بێت و بۆ هەولێر بێت.

× کەم و کوڕییەکان گەر هەبن چین؟

- بەڵێ کارێکی ئەوەها بەبێ کەموکوڕی نابێت و رەنگە چەند شتێکی هەڵەمان کردبێت کارێکی ئەوها نەبێ کەموکوڕی دەبێ و هەڵەش دەبێت، بەڵام هەرئەوەندە لەتوانا و لەدەستمان هاتووە کەموکورتیەکان بۆ دوهۆکار دەگەڕێتەوە.

١- ئەوەیە ئێمە ئەرشیفێکی دەوڵەمەندمان نییە دەستمان بەزۆر شت ڕانەگەیشتووە.

٢- ئەوەیە کەزۆر لایەنی شاری هەولێر کاری لەسەر نەکراوە بۆ نموونە لەرووی مێژویدا زۆرشت روون نەبۆتەوە هەر لەو ئینسکلۆپیدیاییە هەندێک کەباسی هەولێریان کردووە دەڵێن تەمەنی چوارهەزار ساڵە هەندێک دەڵێن سێ هەزار ساڵە هەندێک دەڵێن دووهەزار ساڵە پێش زاین هەندێکیش دەڵێن هەشت هەزار ساڵ تەمەنیەتی ئەمانە هەموو ران ئێمە ئەو زانیاریانەمان داناوە لە راستیدا ئێمە ئەگەر کارەکانمان دروست با نەدەبا ئەوها بێت بەڵام لەبەرئەوەی مێژووی ئێمە بەتەواوی ساغ نەبۆتەوە بۆیە ئێمە رایەکانمان هەموو خستۆتە بەردەستی خوێنەر بۆ ئەوەی دواجار رای دیکەش دروست بێت،

*** گرنگی ئینسکلۆپیدیا لە چ دایە؟**

- گرنگییەکەی ئەوەیە ئەو زانیاریانەی ئێستا هەن هەموو لایەنانەن بەگشتی لەبەری هەولێر و ئێمە دەستمان کەوتووە هەموومان لەیەک جێگا لە (دە) بەرگ کۆکردۆتەوە هەرکەسێک بیەوێت لەبارەی هەولێر شتێک بزانێت من نالێم هەموو شتێک دەزانێت بەڵام شتێکی کەم لەهەر شتێک دەزانێت رێژەکەش ئاسان نییە دیاری بکرێت چونکە بابەتی جیاجیان، بەڵام ئەوەی ئێمە دەستمان پێ راگەیشتبێت لەناو ئاستی بڵاوکردنەوەی رۆژنامە و گۆڤار و کتێب داهەبوون کۆمان کردۆتەوە خستۆتەنە بەردەستی خوێنەر لە



ئینسکلۆپیدیای هەولێر (ئەربیل) هەرکەسێک بیەوێت هەولێر بناسێت بە رای من هەولێر بەمشێوە دەناسێت کە بە هەڵە نەچێت.

*** تا چەند خەڵک ئامادەبوو زانیاریتان پێ بەخشێت؟**

- ئەوانەی کە لەکارەکە گەیشتبوون و نرخی کارەکەیان زانی زۆر یارمەتیان دابن خەڵکی وا هەیە بابەتەکەی خۆی نوسیوویەتی خۆی تایپ کردووە وێنەی هێناوە بەبێ بەرامبەر دایە ئێمە و بڵاومان کردووە و ئێمەش سوپاسی دەکەین خەڵکیش هەیە بابەتی ناردووە یان وەریگێراوە بەهەر حاڵ ئەگەر یارمەتی خەڵک نەبوایە نەماندەتوانی ، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو خەڵک یارمەتی نەدواین ئێمە بانگەوازمان بڵاوکردەوە بۆ هەموو خەڵک کەچیان هەیە دەربارەی هەولێر بینێرن بەداخەوە زۆر خەڵکیش شتی نەناردووە رەنگە لەسەرەتا باوەڕیان بەوە نەبێت کارێکی وەها دەردەچێت ئێستاکە کە کارەکە چاپکراوە پێموایە باوەڕییەک پەیدا دەکات خەڵک لەمەودوا باشتر یارمەتی ئینسکلۆپیدیاییەکە دەکات.

حەمید ئەبوبەکر ئەحمەد بەدرخان ئەندامی لیژنەی باڵای ئامادەکارو بەرپرسی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان کە لە ٢٢ی تشرینی یەکەمی٢٠٠٠ دامەزراوە:

بیرۆکەی ئینسکلۆپیدیای هەولێرچۆن هاتە ئاراوە؟ چەند ساڵی خایاند؟

- ئێمە لەمانگی ١٢ی٢٠٠٥ لەگەڵ دکتۆر عەبدوڵڵا عەلیاوەیی لە سلێمانی میوانی کۆنفرانسێکی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی بووین لە (ئوتێلی ئەبو سەنا) عەبدوڵڵا عەلیاوەیی گوتی بۆ ئێمە ئینسکلۆپیدیای تایبەت بە هەولێر ئامادەنەکەین ئێمەش گوتمان زۆرباشە، من دوای ئەو بە (١٠) رۆژ هەموو ئامادەکارییەکانمان کرد بۆ ئەوەی ئینسکلۆپیدیای هەولێر (ئەربیل) لەدایک بێت ئێمە وەک دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان هەموو کارمەندەکان لەو رۆژەی ٢٠٠٥/١٢/٢٥ تاکو ٢٠٠٩/٩/٢٥ کە نزیکەی چوار ساڵی خایاند بەبەردەوامی شەونخونیان کێشا کارمانکرد بۆ ئەوەی ئینسکلۆپیدیای هەولێر لەدایک ببێت بێ ئەوەی مووچەو پاداشت وەربگرین.

*** کێ پشتگیر کردن لەلایەنی دارایییەوە؟**

- سەرەتای ئینسکلۆپیدیایەکە لە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان تا ساڵ و نیوێک خەرجیەکانی دابین کرد، پاشان لەزۆر

د.عەبدوڵڵا علیاوەیی

د.مەولود ئیبراهیم حەسەن

حەمید ئەبوبەکر بەدرخان

دەرگاماندا کەس دەرگامانی لێ نەکردەوە، دواجار بەڕێز (کۆسرەت رەسول عەلی) زۆر دلسۆزانە بەپێی ئەو داواکارییەی ئێمە هات پشتگیری تەواوی کردین بۆسەرخستنی پرۆژەکە و هەتا تەواویش بوو بەبەردەوامی ئاگاداری ئیش کارەکان بوو لەبەر ئەوەی کاروبارەکان دەیویست بەباشی بەرێوەبچێت.

*** نیازتان ئەوەنییە ئینسکلوپیدیایی بۆ هەموو کوردستان دەربکەن؟**

- خەونی گەورەی ئێمەیە دەبێت بێتەدی کە ئینسکلۆپیدیای کوردستانە لەبەر ئەوەی پاش ٣٠٠ ساڵ لەدەرچوونی ئینسکلۆپیدیایی میللەتانی دیکە کوردیش بوو بە خاوەن ئینسکلۆپیدیا من بەڵێن بەخوێنەران دەدەم لەمینبەری گۆڤاری هەرێمی کوردستان کە بەپشگیری هەموو روناکبیران کورد کە لەهەر کوێ دونیا هەبێت ئینسکلۆپیدیای کوردستان چاپ دەبێت، چۆن لەدەزگای بەدرخان ئینسکلوپیدیای هەولێر (ئەربیل) ئەنجامدرا ئاواش هەر لەدەزگای بەدرخان ئینسکلوپیدیای کوردستان بە ئەنجام دەگات.

*** ئەم ئینسکلوپێدایایە لەکوێ چاپکرا؟**

- لە چاپخانەی گرین گلۆری لەلوبنان ساڵی ٢٠٠٩.

*** لیژنەی باڵای ئامادەکاری کێیە ؟**

- دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن- بەڕێوەبەری گشتی ئینسکلۆپیدیا

دکتۆر ئومێد ئیبراهیم جۆزەلی- ئەندام

فەرید سابیر قادر (ئەسەسەرد)- ئەندام

حەمید ئەبوبەکر بەدرخان- ئەندام سەرپەرشتیاری چاپ بڵاوکردنەوە.

*** چەند کەس بەشداری کردووە لە ئامادەکردنی ئینسکلۆپیدیایەکە ؟**

- ئەو کەسانەی کەبەشداریان کردوو بریتین لەم بەڕێزانە. سەرپەرشتیاری هونەری و خۆشنووسی محەمەد زادە هەلەبڕی و پێداچوونەوە عەبدولرەحمان مەعروف، رەحیمی سورخی، شێرزاد فەقێ. هەڵەبڕی کۆمپیوتەر مەسعودی مەلا هەمزە- ئەیوب یوسف سکەنەری وێنەکان و رێکخستن بەدرخان یوسف. دەرهێنانی هونەری عوسمان پیرداود هەروەها کاک ئازاد ئەحمەد کاری تێداکرد، هەروەها سوپاسی بەڕێز کاک عەبدولباست عەبدوڵڵا خاوەنی چاپخانەی ماردین لە هەولێر بکەم زۆر بەڕێزەوە کونتاکی کردووین لەگەڵ چاپخانەکانی لوبنان، ئەوەی لەبەردەستانە توانیتمانە میژوویی حەفت هەزار سال قەڵا کۆبکەینەوە لەگەڵ مێژوویی ٦٥ هەزار ساڵ هی ئەشکەوتی شانەدەر.

شەوی دوو مەرگ

زاهیر محەمەد کۆیی

لەشـەوە پاییـزێکی مـانگی گـەلاڕێزان.. تاریکبـوو، چونکە هێشـتا زۆری مـابوو مـانگ لەکەل بێتە دەرێ.

لە سـەربانی ریزە باڵەخـانەکـەی نزیک پردە بچکۆلانەکەی ناوشار(ئەو پردەی لەسەر جۆگەلە ئاوەکەی بەناو شاردا دەڕوا) پاسـەوانیم دەکرد نەوەکـو لایەنی ناحـەز بتـوانن دزە بکەن و بێنە ئەو راسـتییـەی کـە مۆڵگەی سەرەکی ئێمـەی لێبـوو. ناوناوە لەسەر سـتارەکەوە بە ئەسپایی سـەرم بەرز دەکردەوە ئەم ناوەم سـەح دەکـردەوە، هەر لەوبەر پردەکە شەوە هەستمکرد لەسەربانی ریزە دوکـانەکـانی بەرامـبـەر بەمن کـە چەند مەترێک لێمەوە دوور بوو، یەکێکی چەکداری لایەنی ناحـەز خـۆی مـەڵاس داوە و چاوەنۆڕی هەلێک دەکـات. تاکـو بتـوانێ زەبرێکم لێبـدا،منیش مـاوەیەک خـۆم بە دیوارەکـەوە نووساندبوو ناوناوەش زۆر بەئاگاییـەوە لەپشت سـتارەکـەوە تەمـاشـایەکی سـەر شـەقـامـە تەنگەبەرەکـەم دەکـرد و ئێشـکگریم لێدەکـرد. ئارەزووی زۆرم لەوەبوو جگەرەیەک بکێـشـم.. بەڵام جێی مەترسی بوو، چۆن ئاگرەکە هەڵکەم و جگەرەکـــە پێکەم.! دەبێ لەدەوروبـەر، ئەم لاوئەولا ناحـەزان نەیبـینن و لەوشـەوە تاریکە هەروەکـو بروسکە ئاسـا دەردەکـەوێ، زۆر ددانم بەخـۆمـا گـرتو، خـۆم راگـرت، دوایی ئارەزوو بەسـەر ئیرادەدا زاڵ بوو بە ئەسپایی جگەرەیەکم دەرهێنا و زۆر بە وریایی چەخـمـاخـەکـەشم دەرهێنا و بەخێراییـەکی زۆرەوە دامگیـرساند و جگەرەکـەم پێکرد. یەکسـەر لەگـەڵ داگیـرسـانی چەخـمـاخـەکە ریزەک فـیـشـەکم بۆ هات.. زۆر نزیک بوو.. لەوبەرەوە.. خـۆم بەدیوارەکـــەوە گیرساند.. بەڵام پاش کەمێک هەستمکرد قۆڵی چەپم سـڕبوو، قـورس بوو.کـە دەسـتم بۆ برد تەماشام کرد گەرمایی و تەڕاییەکی پێوەبوو.

دیار بوو فـیـشـەکێک بە نەرمەی قۆڵم کەوتبوو دەربەدەری کردبوو. ئێسقـانی نەگرتبـوو، بەهەر حـاڵێک بوو توانیم ئەو قـۆڵەم لەناو جلەکـانم دەربێنم و کـیـسـەیەکی نایلۆنم لەبەر پشـتـابوو هەندێ دەرمـان و گـۆزێکی تێـدابوو(هەمـوو پێشـمەرگەیەک لەو جۆرەی هەر پێبوو) هەندێ ئیسـپرتۆم بەسـەر برینەکە داکرد و بە گـۆزەش باش باش پێچام. تاکو خوێنەکەی بوەستێتەوە، دیسـان بە زەحـمـەتێکی زۆر توانیم جلەکـانم لەبەربکەمەوە، ئەو دەسـتەم بەتەواوی سڕ ببـوو توانای گرتنی چەکەکەشم نەمابوو.. هەرچۆنێک بوو دەمانچـە چوارده خۆرەکەم دەرهێنا و بەهۆی ئەژنۆکـانم و دەسـتی راسـتم توانیم بیـخـەمـە سەرپێ، ئینجا بیرم لە فێڵێک کردەوە کە چۆن ئەوەی بەرامبەرم لەخشتە بەرم و بتوانم فرسەتی لێ ببـینم.. هێنام کـلاوەکـەم بەسـەری کلاشـینکۆفـەکەمەوە کـرد و کەمێک لەسـەر سـتـارەکـە بڵندم کـرد و جـوڵاندمـەوە، ئەوەی بەرامبەر لەبەر ڕۆشنایی گڵۆپە کزە دوورەکانەوە لێی دیاربوو، یەک ریز فیشەکی پێوەنام، منیش کـلاوەکـەم چەند جـارێک جـوڵاندەوە و کلاشـینکۆفـەکەم فـڕێدایە خوارەوە... ئەو کە ئەمەی دیت، بەتەواوی دڵنیـابوو لەوەی کـەمنی پێکاندوە و شـەهیـدی کردووم و سـیلاحـەکەم کەوتۆتە خوارەوە، ئیـتـر هیچ ترسێکی نەمـا و هەڵسـایە سـەرپێ، منیش لەپشت سـتـارەکەوە لەتیـلاییـەکی بچـووک وا تەماشـای دەکەم، لەو وەخـتـانەدا بوو کـە مـانگ وردە وردە دەهات لەکـەل سـەر دەربێنێ و کـەمـێک ئەو دەوروبەرە روونـاک بکاتەوە...دوای کـەمـــێک کـابرا لەســـەربانەکـــە هاتە خـــوارەوە و لەبەردەمی دوکـانەکـان پیـاسـەی دەکـرد..دیار بوو لەبەر سـەرما خـۆی باش پێچـابوو لەقـەمسـەلەیەکی سـەربازی و جـامـانەیەکی لە دەمـوچاوی خـۆی ئاڵاندبوو..

ئەولەوە دڵنیابوو کە تازە منی کوشتوە، بۆیە بێ هیچ پەروایەک بێ ترس پیاسەی دەکرد.. منیش هەندێک لەسەر زگ بۆی سوڕامەوە تاکو پشـتی کـــەوتە لای من زۆر لەیەک نزیـک بووین.. دەمـانچـەکـەم هەڵکێشـا و یەک ریزە فـیـشـەکم پێـوەنا.. پێکام، کەوتە سـەر ئەرزەکە هەندێک پەلەقـاژەی کـرد و دوای کـەمـێک جـووڵـەی لێ برا، منیش هەندێک چاوەنۆڕیم کرد، زانیم هیچ پاسـەوان و تەقـوتۆق لەو ناوە نیـیـە و چۆڵە لە چەکـدار، بەهێـواشی هاتمە خـوارەوە بەرەو لای لاشـەی ناحـەزەکـەم، لەو وەخـتـەشـدا مـانگ بەتەواوی ئەرزی روونـاک کـــردبۆوە، هەرکـــە گەیشـتـمە لای لاشەکە، دڵنیـابووم کە مردوە و هەست و خوستی نەماوە، دەستم برد جامانەکەی دەموچاوی خۆی پێ پێچابوو لام برد. تەماشام کرد نەوزادی برا بچووکی خۆم بوو.

کاوەی خەسرەو کاوانی

دڵم نیشتمانی تۆیە

وەرە لە نێو دڵی مندا
ئیتر بە غەریبی مەژی
پاسەپۆرت و
ئیـقـامـەی هاووڵاتی بوونت
پێدەدەم،
وەرە لەم نیشتمانەی من
بۆ کوێ دەچی پیاسە بکە
بەس لە سنووری دەرنەچی
ئابەو مـەرجـە رێ هاتووچونت
پێدەدەم،
یاخۆ من دێم
بەیەکـــجـــاری لە نێـــو دڵت
بمهێڵەوەو
لە دادگای ناخ
حـــوکـــمی ئەبەدیم بەســـەردا
بسەپێنە،
من دەمەوێت هەتا ماوم
لە نێو دڵی تۆ دەرنەچم
دەیکەم بەدوا نیشتمانم و
لەوێ کۆتاییم پێبێنە.

٢٠٠٨/١٢/٣٠

ئامادەکردنی: ڕۆژگار فازل

چاپکراوەکان

ڕۆژنامەنووس

گۆڤارێکی وەرزی تایبەت بە کلتووری ڕۆژنامەنووسییە، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەریدەکات، ژمارە (١٩)ی کەوتە دەستی خوێنەران.

نەوشەفەق

گۆڤارێکی ئەدەبی ڕۆشنبیرییە، دەزگای شەفەق لە شاری کەرکووک دەریدەکات، ژمارە (٧٦)ی کانوونی دووەمی ٢٠١٠ی کەوتە دەستی خوێنەران.

کاروان

گۆڤارێکی مانگانەی ڕۆشنبیری گشتییە، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەریدەکات، ژمارە (٢٤١)ی کەوتە دەستی خوێنەران.

سینەما کوردیکا

ڕۆژنامەیەکە تایبەتە بە بواری سینەما، د.موحسین ئەحمەد عومەر و عەدنان عوسمان عەلی، دەریدەکەن، ژمارە (٥)ی حوزەیرانی ٢٠١٠ی بڵاوبۆوە.

ئینسکلۆپیدیای مێژوونامە
لە ١/١/٠٠٠١ تا ٣١/١٢/١٩٠٠



ئەم کێبە بەنرخە مێژوویە خۆی گرتووە لە پێنج بەش، کە هەریەکەیان کۆمەڵێک لە گرینگترین ڕووداوەکانی مێژوویی جیهانی و بەتایبەتی لەسەر کوردو کوردستان لەخۆ دەگرێت، وەکو نووسەری (ئینسکلۆپیدیای مێژوونامە) لە پێشەکییەکەیدا دەڵێت ئەم مێژوونامەیە گشت بوارەکانی ژیان لەخۆ دەگرێت و ئەوەی بتەوێت لە بەردەستت دایە لە مێژوونامەدا. جێگەی ئاماژەیە مێژوونامە لەسەر ئەرکی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆژنامەنووسی و چاپ وبڵاوکرنەوە، بەچاپ گەیەنراوە.

بەرگریکردنتان لە قەڵای هەولێر مایەی شانازیمانە

مەغدید حاجی

لەم دووایە کتێبێکی نوێ دەربارەی قەڵای هەولێر چاپکراوەو کەوتە کتێبخانەی کوردی، ئەم کتێبە لەژێر ناونیشانی (بەرگریکردنمان لە قەڵای هەولێر ساڵی، ١٩٩٠) لە ئامادەکردنی عەبدولڕەقیب یوسف و هەینی قادرە، بەرگری کردنی ئەم دوو مامۆستا دڵسۆزە بۆ ساڵی ١٩٩٠، دەگەڕێتەوە، کە ڕژێمی بەعسی فاشی ئەوکات بە ڕێنمایی و ڕۆڵی گومان لێکراوی هەندێ لە بەرپرسەکانی بواری شارەوانی و شوێنەواری هەولێر بە مەبەستی بەرژەوەندی تایبەتیان ویستوویانە قەڵای هەولێر بشێوێنن و پڕۆژەیەک جێبەجێ بکەن کە زیاتر مەبەستی بازرگانی لە دووا وە بووە، ئەوکات حکومەتی بەغداش حەزیکردووە ئەم شوێنەوارە دێرینەی کوردستان بشێوێندرێت، هەروەکو قەڵای کەرکووکی لێبکەن، دیارە مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف ئەوکات و تاکو ئێستا زۆر دڵسۆزانە داکۆکی نەک لە قەڵای هەولێر، بەڵکو هەموو شوێنەوارەکانی کوردستان کردووەو ئەوەی لە توانای دابێت کردوویەتی بۆ پاراستنی شوێنەوارە دێرینەکانی کوردستان، هەر لە ساڵی ١٩٩٠، ژمارەیەک لە نووسەر و کەسانی دڵسۆز هاوکاری مامۆستا عەبدولڕەقیب بوون و بە هەوڵ و کۆششیان تووانیویانە پڕۆژە گوماناویەکەی قەڵای هەولێر پوچەڵ بکەنەوە، مامۆستا عەبدولڕەقیب لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١، بەردەوام هەوڵدەدات و پێشنیاز دەخاتەڕوو تاکو قەڵای هەولێر وەکو شوێنەوارێکی پڕ لە بایەخ بپارێزرێت و بابەخی پێویستی پێبدرێت، جێگای خۆیەتی ئێستا پارێزگاری هەولێر هەوڵی جدیانەی خۆی زیاتر بخاتە گەڕ بۆ پارستنی قەڵاو خانووەکانی شوێنەوارەکانی کە مێژووی زیاتر لە پێنج هەزار ساڵمان بۆ دەگەڕێنێتەوە، چاوەڕوانی هیممەتی دڵسۆزانەی بەرپرسانی ئەم شارەو شوێنەوارناسەکانی لە پێناوی قەڵاو سەروەرییەکانی ئەم شارەو پاراستنی وەکو شارێکی مێژووی کە پێنج هەزار ساڵە ئاوەدانە.



لەپاش دابڕانێکی زۆر بۆ یەکەم جار لە کفری

فیلمی (ئەفسەرێکی رۆشنبیر) و کورتە فیلمی (ئابڕو) نمایشکرا

ئا: تانیا/کفری

شاری کفری کە پێشتر شوێنێکی تایبەتی هەبووە،بو نمایشکردنی فیلمی سینەمایی بەڵام ئەوە چەندین ساڵە ئەو کارە کاڵ بووەتەوەو ئەنجام نادرێت ، لە پاش ئەو ماوەیە فەرمانگەی روشنبیری کفری لە هۆڵی روشنبیری کفری بەشێوازی سینەمایی فیلمی (ئەفسەرێکی روشنبیر) و کورتە فیلمی (ئابڕو)ی نمایش کرد.

کاتژمێر (٢) ی پاش نیوەڕو تایبەت بوو بە قوتابیانی بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی کفری و کاتژمێر ٤ ی ئێوارە بۆ هەموان نمایشکرا، هەروەها کاتژمێر ٧ی شەو بۆ خێزانان نمایشکرا و کۆمەڵێک خێزانانی کفری ئامادە بوون. نەجمەدین حەمید لێپرسراوی فەرمانگەی روشنبیری کفری بۆ(هەرێمی کوردستان) گوتی: دیارە پێشتر لە شاری کفری سینەما رۆڵێکی گرنگی هەبووە، بەڵام چەند ساڵێکە کاڵ بووەتەوەو کاری بۆ ناکرێت، ئێمەش بەباشمان زانی بۆ هێنانەوەی بینەری سینەما لە شاری کفری ئەم دوو فیلمە نمایش بکەین، خۆشبەختانە بینەرێکی زۆر ئامادەی نمایشەکان بوون.

نەجمەدین حەمید ئەوەشی گوت کە ئەمە دوا کاری فەرمانگەکەیان نابێت لەو بوارەداو لە داهاتوودا کاری باشتر ئەنجامدەدەن.

سەنتەری رۆشنبیریی ئاسۆس لە دەستپێشخەریەکی دیکەدا

لەدرێژەی کارو چالاکییەکانی خۆیدا، سەنتەری رۆشنبیریی ئاسۆس لە رانیە، لە پێناو ئاشنابوونی زیاتری هونەرمەندان و گۆڕینەوەی وزەو توانستەکانیان، بە ئامادەبوونی قایمقامی قەلادزی و ژمارەیەکی بەرچاو لە هونەرمەندان و هۆگرانی شانۆ لە هۆڵی هونەرمەندانی شاری قەلادزێ میوانداری تیپی (شانۆی کۆیە)ی کرد بۆ نمایشکردنی شانۆگەری (شەوی پیاوکوژان) کە لە دەقێکی (بەختیار عەلی) نوسەرو شاعیرەوە وەرگیراوە و کاری دەرهێنانی لەلایەن هونەرمەند شوان حەمە سەعید، بۆ کرابوو.

شێوەکار دارا محەمەد عەلی، لە پەیامێکی نوێدا

ئا/ هێمن خلیل بلباس

هونەرمەندی شێوەکار دارا محەمەد عەلی لە پەیامێکی نوێیدا چواردەیەمین پێشانگای تایبەتی خۆی پێشکەش بە جەماوەری هونەریکرد، کە ئەم پێشانگایە رێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان بەهاوکاری پارێزگای هەولێر رێکی خستووە.

شایەنی باسە ئەم پێشانگایە پێشانگایەکی گەداۆکە لە دەزگا هونەرییەکانی کوردستاندا نمایش دەکرێت، نمایشی یەکەمیشی لە هۆڵی (پ.د.محەمەد عارف) لە کۆلێژی هونەرەجوانەکان رۆژی شەممە رێکەوتی ٢٠١٠/٢/١٣، پێشکەشکرا.

فیلمی شوێنێک بۆ یاری لە فیستیڤاڵێکی سینەمایی لە ئەمەریکا نمایش کرا

PNA– فیلمی سینەمایی (شوێنێک بۆ یاری) لە دەرهێنانی سینەماکاری کورد شەوکەت ئەمین کورکی، بەشداری لە (٢٥)مین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی (سانتا باربارا) لە وڵاتی ئەمەریکا دەکات،

ئەم فیلمە لە یەکەمین نمایشی خۆیدا لە ئەمەریکا لە رۆژانی (١١ و ١٢)ی شوبات لە شوێنی (مێترۆ تیئاتر) لە دوایین رۆژکانی کۆتایی بیست و پێنجەمین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی (سانتا باربارا) لە وڵاتی ئەمەریکا نمایش کرا.

فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی (سانتا باربارا) بە ماوەی (١٠) رۆژ لە رۆژانی (٤ تا ١٤)ی شوبات لە شاری سانتا باربارا لە ویلایەتی کالیفۆرنیا لە وڵاتی ئەمەریکا بەڕێوەدەچوو.

فیلمی سینەمایی (شوێنێک بۆ یاری) لە دوایین بەشداری نێونەتەوەیی خۆیدا بە ئامادەبوونی شەوکەت ئەمین کورکی و دوو ئەکتەری سەرەکی فیلمەکە بە ناوەکانی شوان عەتووف و گۆڤار ئەنوەر، لە بەشی پێشبڕکێی (خەڵاتی مهری عەرەبی) لە شەشەمین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی دوبەی لە وڵاتی ئیمارات نمایشکرا و توانی خەڵاتی رێزلێنانی تایبەتی ئەندامانی لێژنەی ناوبژیوانی ئەم فیستیڤاڵە بەدەستبێنێت.